کۆمیته ی پشتگیری له په ناهه نده کانی کوردستانی ڕۆژهه لات

کۆمیته ی پشتگیری له په ناهه نده کانی کوردستانی ڕۆژهه لات

کۆمیته ی پشتگیری له په ناهه نده کانی کوردستانی ڕۆژهه لات
لقی کوردستانی باشوور
به رواز/ 10ی خه رمانای 2705 ی کوردی
1ی ئابی 2005 ی زاینی
ژماره / 113

---

# به یاننامه

**بۆ/**

به ڕێز / حکومه تی کۆماری فیدێراڵی عێراق.
به ڕێز / حکومه تی هه رێمی کوردستان.
به ڕێز / پارته سیاسی و ڕێکخراوه مرۆیی و پیشه ییه کانی عێراق و کوردستان.

دوای ده رکردنی هاوارنامه که مان له به رواری 5ی ته مووزی 2005 ، سه باره ت به هه واڵی بێ سه روو شوێن بوونی تێکۆشه ری به ڕێز مامۆستا ڕه حمانی مه لا و خانه واده که یان، که له کاتی گه ڕانه وه یاندا له عه مانی پایته ختی ئوردونه وه له نزیک شاری به غدادا له ڕێکه وتی 30 ی حوزه یرانی 2005 له لایه ن گروپی تیرۆریستیه وه ڕفێندراون، کۆمیته که مان به ئه وپه ڕی نیگه رانیه وه سه رله نوێ ئاگادارتان ده کاته وه که سه رباری خستنه گه ڕی ته واوی تواناکانمان، له پێناو دابین کردنی زانیاری دروست سه باره ت به چاره نووسی ئه و خانه واده به ڕێزه ته واو بێ ئومێد بووین.

مامۆستا ره حمانی مه لا مرۆڤێکی نیشتمان په روه ر و تێکۆشه رێکی نه فه س درێژ بوو دژ به ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، ماوه ی بیست ساڵێکه له دوزه خی ڕژێمی ئیسلامی ئێران هه ڵهاتووه و له عێراق نیشته جێ بووه. له سه ره تا دا وه ک مامۆستا له کوردستانی عێراقدا ده ست به کار بووه. له ساڵانی رابووردوودا کاری بازرگانی کردووه. له دوای ڕوخانی رژێمی به عسی سه دامیه وه، به هیوای دابین کردنی ئاسوده یی و ئارامیی زیاتر بۆ خانه واده که ی که له ژێر هه ڕه شه ی به رده وامی ده زگاسیخوڕیه کانی ئیسلامیدا بوون، به خانه واده وه ڕوو ده که نه وڵاتی ئه رده ن و له شاری عه مان نیشته جێ ده بن.

ئێمه که هاوخه میی خۆمان به بنه ماڵه ی مامۆستا مه لا و ته واوی تێکۆشه رانی کوردستانی ئێران ده گه یه نین، له هه مان کاتدا داوا له هه ردوو حکومه تی عێراق و کوردستان و داکۆکی که ران له مافه کانی مرۆڤ و ئازادیه شه خسیه کان و دیمۆکراسی خوازان ده که ین که ده نگیان له به رامبه ر ئه م تاوانه دا ده رببڕن و مه حکومی بکه ن. له هه مان کاتدا ناڕه زایی توندی خۆمان به رامبه ر به که مته رخه می ده زگانی پۆلیسی شاری به غدا به توندی به یان ده که ین. نیگه رانی زۆریشمان له که س ناشارینه وه له ئه گه ری ته سلیم کردنه وه ی به ڕێز ڕه حمانی مه لا و خانه واده که ی له لایه ن جاشه کانی کۆماری ئیسلامیه وه به ڕژێمی تاران.

ئه مڕۆ په ناهه نه کانی کوردستانی ئێران ته نها له ژێر هه ڕه شه ی تیرۆری ده زگا خوێن ڕێژه کانی کۆماری ئیسلامیدا نین، به ڵکو هه ڕه شه ی بانده کانی مافیا و گروپه ئیسلامیه تیرۆریسته کان و عه ره به ناسیۆنالیسته کانیش هێنده ی تر ژیانی ڕۆژانه ی ئه و په ناهه نده سیڤیلانه یان پڕ له مه ترسی کردووه.

**تکایه له یادیان مه که م**

کۆمیته ی پشتگیری
له په ناهه ده کانی کوردستانی ڕۆژهه لات
لقی کوردستانی باشوور